www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا  16:14 7-7-2006

## کردنەوەی گۆڕستانێکی نوێ، یان گاڵتەکردن بە زیندووەکان ... بەهێز حوسێن

Bahez2005@yahoo. com



ڕۆژی 2006/7/4 لە ناوچەیەکی نێوان سلێمانی . عەربەت وەزارەتی ئەوقاف و شارەوانی سلێمانی یەک دونیا خەڵکیان کۆکردبووەوە و بە بەرچاوی هەموو کامێراکانەوە بەردی بناغەی پرۆژەیەکی ستراتیژی و موستەقبەلییان دانا ئەویش پرۆژەی دروستکردنی گۆڕستانێکی نوێ بوو بەناوی گۆڕستانی سلێمانی و شیرینیشیان بەخشییەوە.

ئەمە ئەگەر وەک هەواڵێکی ڕووت سەیری بکەین زۆر ئاساییە و مایەی دەستخۆشییە، ڕەنگە وڵاتانی تریش بەمجۆرە مەراسیمانە گۆڕستانەکانیان بکەنەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە لەم هەواڵە ئەوەیە کە لە کوردستان حکومەت خەمێک لەو دەیان و سەدان هەزار کەسە بێ خانوو بی ڕێگەوجێگە زیندووە ناخوات کە بەدەست بی جێگەیی و کرێنشینییەوە دەناڵێنێت، وەلی دێت و (دڵسۆزانە) خەم لە مردنەکەیان دەخوات.

حکومەت بە وردی ئاگاداری زۆری ژمارەی مردووەکان و گۆڕستانەکانە، بەڵام هیچ گوێنادات بەو ژمارە زۆر و ڕێژە بەرزەی لەدایکبووان و هاوسەرگیریانەی کە لەبەرامبەر دا هەن و شوێنی ژیانیان نییە، ئاخر منی زیندوو وەک قەرەجم لێهاتووە و هەر ساڵە و لە گەڕەک و کۆڵان و ماڵێکدا نیشتەجێم و شوێنێکی هەمیشەیم نییە تیایدا بژیم، خاوەنی دوو منداڵم کە هەریەکەیان لە گەڕەکێکدا لەدایک بوون، من کە ئێستا لە ژیندام و هەستەکانی بینین و بەرکەوتنم کاردەکەن شوێنێکم نەبێت تیایدا بژیم مەمنوونی چیبم کە حکومەت تەئمینی شوێنی مردنەکەی بۆ کردووم؟

واتێدەگەم ئەم پرۆژەیە گاڵتە کردن بێت بە زیندووەکان، چونکە ئەوەتا نیو ئەوەندەی مردووەکان قەدر لە زیندووناگیرێت، ئەگەر نا ئەمانیش بە پرۆژەیەکی ستراتیژی و موستەقبەلی بەسەر دەکرانەوە.

من بۆ خۆم کە لەم کوردستانەدا تەنها 100م2 زەویم وەرگرتووە و بە یاسا مافم هەیە ئەوەندەی تر وەرگرم لە مەراسیمی کردنەوەی گۆڕستانەکە ئامادەبووم بە کاک حاکم قادر سەرۆکی شاروانیم گووت:بەڕێزم! من هەرچەندە دێم بۆ 100 مەتر زەوییەکەم ئەڵێی زەوی نییە و نامدەیتی، باشە من قایلم ئێمە بەشی مردن و گۆڕەکەی خۆمان لەم گۆڕستانە بدەری، ئێمە بە زیندوێتی بەکاری دێنین و دوو ژووری تیا دروست دەکەین کە مردیشین بە شاهێدی ئەم عالەمە مەمان خەنە گۆڕەوە قەیناکە هەر مەمنوونین.

280 دۆنم زەوی بۆ گۆڕستان و شوێنی شاردنەوەی مردووە بێ هەستەکان تەرخان کراوە، بەڵام زەوی بۆ زیندووە پڕ لەسۆز و هەست بزێوەکان نییە بکرێت بە خانوو!

ئاخر من تا لەژیاندامناوم ڕێزم لێنەگیرێت و حکومەت ژیانی خۆم و منداڵەکانمی پی دابین نەکرێت، تف لەهەزار گۆڕ و کێل ئەکەم ئەگەر لە مردنما بۆم دروست بکرێت، من تێناگەم بۆچی لە کاتێکدا شار قەرەباڵغییەکەی لە ڕێژە بەدەر ی تێدایە و خانوو دەست ناکەوێت حکومەت گوێی پێنادات و ئەڵی با وەکو باوباپیرانمان شەش خێزان لە حەوشێکدا بژین، بەڵام بیر لەدروستکردنی شاری عەسریی و مۆدێرنی مردووەکان دەکاتەوە؟

تێناگەم بۆ ئەم حکومەتە هەر لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە ڕامان دەهێنێت کە مردنمان لە ژیان خۆشتربوێت و گوێنەدەین بەم ژیانە بی خانووییەی دونیای بڕاوە، با خۆمان بۆ ماڵی هەمیشەیی و نەبڕاوەیی ناو گۆڕەکانمان هەڵگرین؟

بۆیە دەڵێم کردنەوەی گۆڕستانی نوێی سلێمانی گاڵتەکردنە بەزیندووەکان.